# زەبری ڕەخنە

حەمەسەعید حەسەن

بەو خوێنەرە هێژایەم کە بۆی نووسیوم: خوازیارم بسووتێم تا لەبەر ڕۆشناییمدا بنووسی، پێشکەشە.

لەسەردەمی دەسەلاّتی بەعسدا، بەکۆتایی هاتنی هەر چالاکییەکی ڕۆشنبیری کە دەسگایەکی سەر بە دەوڵەت سازی کردبا، بروسکەیەکی پشتگیریی ئاڕاستەی دیکتاتۆر دەکرا. کە لە کۆتایی فێستیڤاڵی (مەحوی) دا، (٢٨تا٣٠ی ئاب/هەولێر) بروسکە بۆ هەردوو بارزانی: مەسعوود و نێچیر ڕەوانە کرا، ئەو نەریتە دزێوەم بیر کەوتەوە.

تەنانەت چۆنێتی داڕشتنی بروسکەکانیش، لە دەربڕینی عەرەبی، یان ڕاستتر، بەعسییانە خاڵی نەبوون. وەزیری ڕۆشنبیری مەحموود محەمەد محموود، ( یەکسەر مەلی خەیاڵم بۆ لای جەبرا ئیبراهیم جەبرا فڕی، ئەگەرچی ئەو دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی بوو، ئەمیش هیچ پەیوەندیی بە ڕۆشنبیرییەوە نەبووە) دەنووسێ: ئێمە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریدا، واتا: **نحن في وزارة الثقافة!**

بەعسمان وەك جەستە لە ڕاپەڕینەوە لە کوردستان وەدەر ناوە، کەچی بەعس وەك کولتوور هێشتا لە ناخی دەسەلاّتدارانمان دەژێ. هەر لێرەدا حەز دەکەم جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری لەوەش ئاگادار بکەمەوە، کە فێستیڤاڵ festival ڕاستە نەك ڤێستیڤاڵ وەك نووسیوێتی.

*

عەرەفات هەولێکی زۆری دا، مەحمود دەروێش، ببێتە وەزیری ڕۆشنبیری، کە نەیکرد، پێی گوت:

- ئەدی ئەندریە مالرۆ لە کن دیگۆڵ وەزیر نەبوو؟
- (دەروێش) یش پێی گوت:
- –نە ئەم بستۆکە زەوییەی بندەستمان فەرەنسایە، نە تۆ دیگۆڵی نە منیش مالرۆ. فەلەستین بگاتە ئاستی فەرەنسا، تۆ دیگۆڵ و منیش مالرۆ، ئەوساش وەزیریی ناکەم، ڕۆڵی سارتەر دەبینم، کە دەسەلاّتی ڕەت دەکردەوە.
- ئاخۆ خێڵی خشۆکی بەستەزمان، ئەوانەی تا دەمرن، بە هیوان، دەسەلاّتێك ئاوڕێکی خێریان لێ بکاتەوە، لەم بڵندفڕینەی شاعیر تێدەگەن؟

*

ڕێ دەکەوێ دۆکتۆرێك دوای چەندان ساڵی خوێندن و ئەزموونی کار، هێشتا لە دەستنیشان کردنی ئەو نەخۆشییەدا کە بە دەستییەوە دەناڵێنین، (کەرچی لە نزیکەوە دەیان پرسیارمان لێ دەکا، جەستەمان دەپشکنێ، خوێن و شتی دیکەشمان بۆ ئەزموونگە دەنێرێ و لەشمان دەداتە بەر تیشك، ) بکەوێتە هەڵەوە، لێ من گەلێ جار بە هۆی ڕستەیەك یان پەرەگرافێك نووسینی ئەفسووناوییەوە، کەسانێکم کە فریان بەسەر خوێندن و کاری پزیشکییەوە نەبووە، کردووە بەو جۆرە دۆکتۆرانەی بێ ئەوەی نەخۆشیان دیتبێ، یان تەنانەت پرسیارێکیان لێ کردبێ، دەردەکەیان ڕاست و دروست، دەستنیشان کردووە ! تێناگەم چۆن تا هەنووکە هیچ کۆلێژێکی پزیشکی گوڵی دۆکتۆرای شانازی لە بەرۆکم نەداوە ! من خۆم تا هەنووکە هیچم سەبارەت بە سایکۆلۆژیا نەخوێندووە، کەچی دەیان دەروونناسم پێگەیاندووە ! جێی سەرنجە هەموو ئەو (فرۆید) و (یۆنگ) و (لاکان) انە، تا بە ڕستەڕەخنەیەکم باڵیان لێ پەیدا نەبووبێ، ئەو بەهرەیەی خۆیان ئاشکرا نەکردووە.

٢٠٠١/٩/٣٠